

# کرێکاران ( ١ی ئایار ) یان بەسەرکردەوە، بە خۆپیشاندانی جەماوەری لە سەرتاسەری جیهان

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی "کرێکاری سۆسیالیست"**

**پارتی کرێکارانی سۆسیالیست- بەریتانیا**

**وەرگێران و ئامادەکردنی: ئازاد ئارمان**

ڕۆژی سێشەمە ١ی ئایار، سەدان هەزار کرێکار لە سەرتاسەری جیهان بەشداربوون لە یادکردنەوە و خۆپیشاندانی گشتی لە ڕۆژی کرێکارانی جیهان. داخوازی یەکانی خۆپیشاندەران تارادەیەکی زۆر وەکو یەک بوو- نا بۆ خسوسی کردن (پرایڤەتیسەشن)، بەرگری کردن لە خزمەتگوزاری گشتی و کرێکارانی کۆچبەر، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی کرێی بەرامبەر بە چوونە سەری نرخی خۆراک و بەنزین.

بەشێک لە گەورەترین خۆپیشاندانی گشتی و یادکردنەوەکان لە ١ی ئایاردا لە ئەوروپادا بەرێوە چوو. لە **یۆنان** خزمەتگوزاری گشتی هاتوچۆ، پاپۆرەکان، تەیارەکان لە کار وەستان. هەر وەکو یەکیتی یە کریکاری یەکان بانگەوازی یان بۆ کرد ١ی ئایاری ڕۆژی مانگرتن و خۆپیشاندانە لە دژی خسوسی کردن و ریفۆرمی خانەنشینی.

لە **فەرەنسا** نزیکەی ١٢٠ هەزار کەس رێپوانیان بەرێخست لە پێناوی داخوازی چوونە سەری کرێ و مافی خانەنشینی. هەروەها لە دژی بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خەلک. لە فەرەنسا یەکێتی یە کرێکاری یەکانی **CGT** و **CFDT** لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەوە یەکەمین جار بوو پەیوەست بن بە خۆپیشاندانی گشتی. هەروەها لە چەندین شاری تر خۆپیشاندانی گشتی بەرێوەچوو لەوانە: مارسیلی **(Marseille)** نیس **(Nice)** توولوس **(Tuolouse)** و لیی **(Lille)** .

لە **ئەلمانیا** لە شاری هابۆرگ زیاتر لە دەهەزار کەس هاتنە سەر شەقام بۆ رێگرتن لە راگرتنی رێپێوانی نازی یەکان **NPD** ، کە پۆلیسیش لەوێ ئامادە بوو بۆ پاراستنی نازی یەکان لە بەرامبەر هەر هێرشێکی خۆپیشاندەران. خۆپیشاندەران بوو بە شەڕ و پێکدادانیان لە گەل پۆلیس، لە هەمبۆرگ پۆلیس بەرگری دەکرد لە نازی یەکان.

خۆپیشاندەران لە سەرتاسەری ئەلمانیا ئەم بانگەوازەیان دا چوونە سەرەوەی لایەنی کەمی کرێی لە سەر ئاستی نیشتمانی و هەروەها هۆشداریان دا بەوەی جیاوازی نیوان دەولەمەند و هەژاران فراوانتر دەبێت.

له ئیسپانیا له شاری مەدرید ڕێپێوانی ٢٥ هەزار کەسی بەڕێوە چوو. کەندیدۆ میندیز **Candido Mende** سکرتیری گشتی نەقابەی کرێکاران بەرهەڵستی نیشان دا له بەرامبەر دابەزینی کرێ و راوەستانەوە له دژی ئەم سیاسەتە.

له **سربیا** له شاری بەلگراد ١٠ هەزار کەس ڕێپێوانیان بەرێخست له پێناوی ژیانێکی باشتر و دژایەتی کردن له بەرامبەر سیاسیەتی خسوسی کردنەوە.

له **بەریتانیا** ڕێپێوانێکی هەزار کەسی بەرپاکرا له لەندەن .

له یابان له شاری تۆکیۆ ٤٤ هەزار کەس بەشداری یان کر د له خۆپیشاندانی گشتی له ١ی ئایار، یەکێک له داخوازی یەکانیان مەحکوم کردنی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بوو.

له **سەنغافورە** له شاری بانکۆک، له **تایلەند** خۆپیشاندەران ئەم دروشمەیان بەرزکردبۆوە و نووسرابوو: "**گرانی نرخی برنج، هەرزانی کرێی کرێکاران، چۆن چۆنی کرێکاران بتوانن بژین**"؟

له **فلیپین** له شاری مەنیله هەزاران کرێکار رژانە سەر شەقام و ڕێپێوانیان بەرێخست و داواکاری یان ئەوە بوو له سەرۆکی ئەم وڵاتە **Gloria Macapagal** له بڕیارەکەی خۆی پاشگەزبێتەوە کە داواکاری کرێکاران ئەوە بوو بەرزبوونەوەی لایەنی کەمی کرێی کرێکاران، له بەرامبەر بەرزبوونەوی نرخی خۆراک و بەنزین. خۆپیشاندەران ئەم دروشمەیان بەرزکردبۆوە و تیایدا نووسرابوو: "**کار، دادپەروەری، خۆراک**" **هەروەها** " **خۆراك بە نرخێکی هەرزان هەر ئێستا**".

له **ئەندەنوسیا** له جکارتەی پایتەخت هەزارەها کەس له چەندین نەقابەی کرێکارانەوە پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانی گشتی ١ی ئایار. خەڵک خۆپیشاندانیان کرد له دژی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک. خۆپیشاندەران له سەنتەری شارەوە بە ڕێپێوان چوون بۆ بەر دەم شوێنی سەرۆکی وڵات. هەروەها خۆپیشاندانی گشتی بەرێوە چوو له چەندین شاری گەورەی ئەم وڵاتە لەوانە: میدان **Medan** ، سورابایە **Surabaya** ، بەندونگ **Bandung** ، جۆجەکارتە **Jogjakarta** ، هەروەها مەکاسەر **Makassar** .

له **تورکیا** دەوروبەری نیوملیۆن کەس پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانی گشتی ١ی ئایار. خۆپیشاندەران ڕووبەرووی توندوتیژی بوونەوە له لایەن پۆلیسی ئاژاوەوە. کە ئاوی کانون و گورزی پۆلیسی یان بەکار دەهێنا له بەرامبەر خۆپیشاندەران. هەزاران کەس له خۆپیشاندەران گیران و دەیان یان لێ بریندار بوون.

له **لوبنان** ١٠ هەزار کەس ڕێپێوانیان بەرێخست له بەیروت، له سەر بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و نزمی کرێی.

له ویلایەته یەککگرتووەکانی **ئەمەریکا** هەزاران هەزار کەس له شاره گەورەکان خۆپیشاندانی گشتی یان بەرپاکرد له رۆژی ١ی ئایاردا. له پێناوی داواکاری مافی کرێکارانی کۆچبەر و دژی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک.

سەدەهای تر خۆپیشاندانی گشتی یان بەرێخست له شاری نیۆیۆرک له پێناوی کۆتایی هێنانی هێرشی ئەنتی کۆچبەران، هەروەها دەوروبەری ٤٠٠٠ هەزار کەسی تر له شاری شیگاگۆ خۆپیشاندانیان بەرپارکرد له پێناوی ریفۆرمی کۆچبەران. مافه کرێکاری یەکان و کۆتایی هێنان به جەنگ یەکێک بوو له داخوازی یه سەرەکی یەکانی خۆپیشاندەرانی واشینتۆن. ئەندامەکانی یەکیتی یه کرێکاری یەکانی **ILWU** خۆپیشاندانێکی چەند سەد کەسیان بەرێخست له شاری سیاتل له دژی جەنگ له عێراق. هەروەها کرێکارانی بەندەری کالیفۆرنیا و ئۆریگن و واشنتۆن له هەمان رۆژ مانگرتنیان بەرێوە برد له ژێر داخوازی کۆتایی هێنانی جەنگ و داگیرکاری له عێراق و ئەفگانستان – که ٢٥٠٠٠ هەزار کرێکاری ئەندامی نەقابەی **ILWU** بەشداریان تیا کرد.

له **ئەمەریکای لاتین** له رۆژی ١ی ئایار دا سەدان هەزار له کرێکاران رژانه سەر شەقام، داخوازی سەرەکی خۆپیشاندەران ئەوە بوو کەمی خۆراک و بەرزبوونەوی نرخی خۆراک ، بێکاری و داخوازی کرێی زیاتر و باشتر بوونی هەلومەرجی کار.

له **مەکسیکۆ** ٧٠ هەزار کرێکار خۆپیشاندانی گشتی یان بەرێخست له پێناوی داخوازی کەم بوونەوی رێژەی خۆراک و بێکاری. له ئیکوادۆر ١٥ هەزار کرێکار خۆپیشاندانیان بەرپا کرد له دژی کاری قۆنتەراتی و خراپی هەلومەرجی کار.

له **گواتیمالا** هەزاران هەزار کرێکار خۆپیشاندانیان بەرێخست له پێناوی داخوازی کۆتایی هێنان به گەندەلی و گرانی نرخی خۆراک. له **نیکاراگوا** کرێکاران هۆشداریان دا به حکومەت بۆ راگرتنی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و به دەست هێنانی کاری زیاتر بۆ کرێکارانی بێکار. لەم خۆپیشاندانانەشدا له سانتیاگۆ له **چیلی** ٩٦ کەس دەستگیر کران له لایەن پۆلیسەوە، دوای کۆتایی هاتنی رێپێوانی ١ی ئایار.

له **بۆلیڤیا** له شاری لاپاز سەرۆک کۆماری ئەم ولاته **Evo Morales** بەشداری کرد له مەراسیمی ١ی ئایار، داواکاری یان ئەوە بوو هێزەکانی ئەمەریکا له عێراقدا بکشێنەوە. له **پەراگوای** بۆ یەکەمین جار سەرۆک کۆمارێکی هەڵبژێردراو بۆ سەرۆکی ولات بەشداری بکات له مەراسیمی ١ی ئایاردا.

له فەنیزویلا هەزاران هەزار له خەڵکی کرێکاری ئەم وڵاته بەشداری یان کرد له خۆپیشاندانی گشتی ١ی ئایار. له **ئەل سلڤادۆر** رێپێوانی هەزاران کەسی بەرێوە چوو بۆ سەن سلڤادۆری پایتەخت، له دژی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و داخوازی بەرزبوونەوەی کرێی کرێکاران.

له **ئەفریقای باشور** هەزاران کەس بەشداری خۆپیشاندانی گشتی ١ی ئایار یان کرد، کرێکاران و قسەکەرانی خۆپیشاندانەکە داواکاری کۆتایی هێنانی هەژاری و دابەش کردنی زەوی ، هەروەها لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک.

لە **کینیا** سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە **Mwai Kibaki** داخوازی هەزاران هەزار کرێکاری رەفز کردوە لە ١ی ئایاردا کە دژی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و بەنزین بوون.